# مادۆنا لە دیاربەکر ئاهەنگ دەگێڕێ

[Apr 2006 01 , 13:18]



PNA ـ مادۆنا ژنە گۆرانیبێژی بەناوبانگی ئەمریکی لە 24 مانگی نیسان بۆ سازکردنی ئاهەنگێك سەردانی کورستانی باکور دەکات و لە شاری دیاربەکر کۆنسێرتێکی گۆرانی پێشکەش دەکات و قازانجی ئەو ئاهەنگە بۆ شارەوانی دیاربەکر دەگەڕێتەوە.

عوسمان بایادمیر سەرۆکی شاۆرەوانی دیاربەکر لەم بارەیەوە گوتی :" ئەو کاتەی من لە ئەمریکا بووم، چاوم بە مادۆنا کەوت و داوام لێکرد کۆنسێرتێکی گۆرانی بۆ ناساندنی شارەکە بە دونیا ، لە دیاربەکر سازبکات . ئەویش داوایەکەی پەسند کرد ."

هەروەها سەرۆکی شارەوانی دیاربەکر گوتی :" داهاتی ئەم کۆنسێرتە بۆ شارەوانی دیاربەکر دەبێت ."

هەروەها عوسمان بایاد میر لە زاری مادۆنای گواستۆتەوە کەوا مادۆنا پێشتگیری خۆی بۆ کێشەی کورد پیشانداوە ، رەزامەندی لەسەر سازکردنی ئەو کۆنسێرتەش لەم سۆنگەیەوە هاتووە.